مەهاباد کوردی لە چەند دێڕێکدا

- لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی تاڵەبانی گچکە/تەقتەق/کۆیە/شاری هەولێری خواروی کوردستان لە دایک بووە.
- لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا لەگەڵ ماڵباتی خۆی ڕوویان کردۆتە گوندی مورتکەی گەورە لە دەشتی هەولێر.
- هەر لە گوندی ناوبراودا قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە.
- لە شارۆچکەی قوشتەپە قوتابخانەی ناوەندیی تەواو کردووە.
- لەبەر هەژاری و دەستکورتی بە ناچاری، بێ ئارەزووی دڵی خۆی، لە ساڵی ١٩٨٣ خانەی مامۆستایانی کوڕانی لە هەولێر تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٢، لەبەر بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕژێم، لە لایەن ئەمنی هەولێرەوە دەسگیر کراوە.
- لە ١٥-٣-١٩٨٥ لە کوردستان دەرچووە.
- هەر لەبەر کوردبوون بۆ ماوەی دوو ساڵ لە عێراق و ئێران و پاکستان زیندانی کراوە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای UNHCR لە پاکستانەوە ڕووی کردۆتە سوێد.
- لە سوێد بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک مامۆستای زمانی کوردی و عەرەبی و وەرگێڕ کاری کردووە.
- تا ئێستا لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا یازدە بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە. هەروەها زیاتر لە دوو سەد وتاری لە ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاو کردۆتەوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت